# شێرزاد و پەریسەوز
# ماین قەمەرناز

## شیرزاد و پری سبز – ماین قمرناز

(کُردی و فارسی)

www.ketab.ir

سرشناسه : رضاقلی، رستگار، ۱۳۵۷-

عنوان و نام پدیدآور : شیرزاد و پەری‌سەوز - ماین قەمەرناز= شیرزاد و پری‌سبز - ماین‌قمرناز (کردی و فارسی)/ کوکردنەوە و نووسینەوە رەستگار رەزاقولی.

مشخصات نشر : سنندج: کتابچه، ۱۴۰۳.

مشخصات ظاهری : ۶۹ ص.؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م.

شابک : ۹۷۸-۶۲۲-۳۴۰-۲۰۰-۵

وضعیت فهرست نویسی : فیپا

یادداشت : زبان: کردی-فارسی.

عنوان به زبان دیگر : شیرزاد و پری‌سبز - ماین‌قمرناز (کردی و فارسی).

موضوع : داستان‌های کردی -- قرن ۱۴

Kurdish fiction -- 20th century

داستان‌های فارسی -- قرن ۱۴

Persian fiction -- 20th century

رده بندی کنگره : PIR۳۲۵۶

رده بندی دیویی : ۸فا۹/۲۳

شماره کتابشناسی ملی : ۹۹۱۵۳۲۴

اطلاعات رکورد کتابشناسی : فیپا


www.ketab.ir

انتشارات کتابچه


شێرزاد و پەری سەوز - ماین قەمەرناز

(شیرزاد و پری سبز - ماین قمرناز)

کۆکردنەوە و نووسینەوە: ڕەستگار ڕەزاقولی

پەخشـــانگای کتابچە

ڕووبەرگ و ڕازاندنەوەی لاپەڕەکان: شاهۆ ئەحمەدیان

شابک: ۹۷۸-۶۲۲-۳۴۰-۲۰۰-۵

ساڵـی چاپ: یەکەم- ١٤٠٣

ئەژمـــار: ١٠٠٠ بەرگ

نرخ: تمەن



سنندج – مجتمع تجاری کردستان – واحد ۲۲۳

تلفن: ۰۸۷۳۳۲۲۹۹۶۸

www.ketabchehpub.ir


www.ketab.ir

## پێرست - فهرست


پێشەکی ........................................ ٧

شێرزاد و پەری‌سەوز........................... ١١

ماین‌قەمەرناز ....................................... ٢٥

ترجمه فارسی افسانه‌ها.......................... ٣٥

شیرزاد و پری‌سبز ................................... ٣٧

ماین‌قمرناز ......................................... ٥٣


www.ketab.ir

## پێشەکی

وێژەی زارەکیی کوردی یەکێ لە دەوڵەمەندترین وێژەکانی دنیایە و چەندین مژار لەخۆ دەگرێتەوە. مژارگەلێک وەکوو: گۆرانی، هۆرە، شیعر، قسەی کۆن، کەنایە، گاڵتە، مەتەڵ، چیرۆک، ڕاوێژ، ڕاس (ڕاز)، بەیت و... هتد.

یەکێک لە مژارگەلی تایبەت بە وێژەی زارەکی، "ئەفسانە"ـیە. ئەفسانە شێوەی تایبەت بە خۆی هەیە و لە نێو زۆرێک لە گەلانی دنیادا برەوی هەبووە. ئەفسانەی کوردی مژارێکە کە لە چوارچێوەی ئەدەبی زارەکی دا خۆی دەنوێنێت و لە زۆرێک لە ناوچەکانی کوردەواری دا هەر لە کۆنەوە برەوی هەبووە و لە زاری هەندێ کەسەوە دەگێڕرێتەوە و دەمبەدەم لە کۆنەوە هەتا ئێستا هاتووە. ئێمە لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەندێ ئەفسانەمان لە زاری چەند کەسەوە هەڵگرتووە و نووسیومانەتەوە بۆ ئەوەی کە بڵاویان بکەینەوە. سەرەتا ویستمان کە تێکڕای هەموو ئەو ئەفسانەگەلە و چیرۆکەکان لە یەک بەرهەمدا کۆ بکەینەوە و بڵاوی بکەینەوە، بەڵام بە هەندێ هۆکار بە ئەم ئاکامە گەیشتین کە ڕەوتی بڵاوکردنەوی ئەم بەرهەمانە کە کۆمان کردووەتەوە، بگۆڕین و بە شێوەیەکی تر ئامادەیان بکەین بۆ بڵاوکردنەوە. بۆیە بڕیارمان دا کە بەرلەوەی کە هەموو بەرهەمکان تێکڕا وەکوو کتێبێک بڵاو بکەینەوە، بە شێوەی زەنجیرەوار بەرهەمەکان جیاجیا لە قاڵبی نامیلکەدا ڕێک بخەین و بڵاویان بکەینەوە تا کاتێک کە بتوانین

www.ketab.ir

هەموو ئەفسانە و چیرۆکەکان لە قاڵبی یەک کتێبدا کۆ و بڵاوی بکەینەوە. بەم جۆرە هەندێ لە کێشەکان کە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە زارەکیانە بوومان نامێنێت و بڵاوکردنەوەیان ئاسان تر ئەبێت و بڵاوبوونەوەیان و لە نێو خوێنەراندا ئاسانتریش ئەبێت.

ئەم بەرهەمەی ئێستا کە کەوتووەتە بەردەستی خوێنەران، بریتی‌یە لە دوو ئەفسانە؛ "پەریسەوز" و "ماین‌قەمەرناز". بە پێی تەواوی شرۆڤەگەلێک کە زانایانی بواری چیرۆک‌ناسی (ئەفسانەناسی، ئوستوورەناسی) دایانە، هەردوو بەرهەم تایبەتمەندییەکانی "ئەفسان"ـەیان هەیە و دوو ئەفسانەی کۆنی کوردین. ئەم بەرهەمە دەتوانێ هەم لایەنی خوێندنەوەی بێت و هەم تۆژەرانی بواری وێژەی زارەکی بۆ نووسینی توێژینەوەگەلی زانستانە دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن و سەرچاوەیەکی باشە بۆ ئەم بوارە.

ئەم بەرهەمە کراوە بە دوو بەش؛ بەشی یەکەم دەقی هەردوو ئەفسانەکانە بە زمانی کوردی کە لە زمانی بێژەوە؛ "ئەمین مەنووچهری" لەدایک‌بووی گوندی سەردۆشی مەریوان وتراوە و بێ‌هیچ گۆڕان و دەستتێوەردانێک لە شێوەزاری چیرۆکەکاندا ڕێک بەو جۆرە کە بوێژ وتوویەتیەوە نووسیومانەتەوە و بەم جۆرە ئەمانەتی بوێژمان پاراستوە. بەم جۆرە ئەم دوو بەرهەمە دوایی دەتوانێ وەکوو دەقگەلێکی زارەکی بۆ توێژینەوەگەلی "زمانناسی" کەڵکیان لێ وەربگێردرێت و وێنەگەلێکن لە شێوەزاری ناوچەی ژیانی خەڵکی ناوچەکە. لە بەشی دووەمدا وەرگێڕانی هەردوو بەرهەمەکانمان بە زمانی فارسی داناوە، بۆ

www.ketab.ir

ئەوەی کە حەزدار و خوێنەرانێک کە زمانی کوردی نازانن بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن و هەروەهایش دەتوانێ ئەوان لەگەڵ زامنی کوردی و ئەفسانە و چیرۆکی کوردی زۆرتر ئاشنا بکات.

بۆ دوایین قسە، ئاواتەخوازی ئەوەین کە ئەم ڕەوتە بەردەوام بێت و بتوانین هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لەبەردەستماندایە بڵاو بکەینەوە و بیخەینە بەردەستی حەزدارانی وێژەی زارەکیی کوردی و ئەم مژارە باشتر و زۆرتر بناسێنین بە خوێنەران و دۆستدارانی وێژەی زارەکیی کوردی.

* * * * * * * * * *

www.ketab.ir